# سێکس،
# گرێبەست،
# هەڵسوکەوت



سلاڤۆی ژیژەک

و. محەمەد فایەق

وتەیەك:

لەمڕۆدا هیچکام لە زانستە مرۆییەکان ناتوانن خۆیان لە بابەتگەلی گرنگی وەك سێکس و پەیوەندیی عاشقانە و زمانی سێکسی و پرسی پابەندبوون لابدەن. لەگەڵ گۆڕانی ئەمانەدا، گۆڕان بەسەر زۆر هاوکێشەی تری ژیانی مرۆڤەکانیشدا دێت. سێکس خۆی لەخۆیدا، لەسەر مەحاڵێکی بنچینەیی و کۆمەڵێك ئاڵۆزیی بونیادی بەندە؛ بەڵام کە دەبێتە دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی ئەوا ئیتر شیاوی قسەلێکردنە. ئایا لەگەڵ تەقینەوەی بەردەوامی سەرلەنوێی جیهاندا، چارەنوسی سێکس و پەیوەندییەکان بەرەو کوێ دەچێت؟ ئایا لەگەڵ دیاردە تازەکاندا، مرۆڤی کورد چەندە ڕوانینی خۆی بۆ جەستە و ئادابی پەیوەندی و زمانی خۆشەویستی نوێدەکاتەوە؟ کۆمەڵگاگەلی وەك کۆمەڵگای کوردی کە گەشەیەکی سرووشتیی ئەو پەیوەندییانەیان نەبڕیوە و کەوتووەتە بەر کاریگەریی ئەم دیاردە جیهانییانە، چی وەردەگرێت و چییش دەبەخشێت؟ کاتێك ژنێك/پیاوێك یەکتری جێدەهێڵن، لە کۆنتێکستی کۆمەڵگای ئێمەدا هۆکارەکە لەکوێوەیە؟ ئایا فشاری ئەم گوتارە تازەیەی پەیوەندییە یاخود ئاوێتەیەکە بە کەلتوری ڕاڕای کۆمەڵگاکە و جیهانگیرییش پێکەوە. کاتێك جیهانگیری ڕوودەدات، سێکسییش وەك گوتار جۆرێك لە جیهانیبوونەوە بەخۆیەوە دەبینێت. بەڵام ئەم جیهانیبوونەوەیە بە مانای جیهانیبوونەوەی تەواوەتیی کەلتورە لۆکاڵەکانیش نایەت. هەر کەلتورێك شتێکی نوێ لە خۆی و دیاردە جیهانییەکە درووستدەکات و پێشکەشی کۆمەڵگای دەکاتەوە. کاتێك بەر درووشمە تازە جێندەرییەکان دەکەوین، دوور نیە هەر لەسەرەتاوە بە توندوتیژی دەست پێبکەین. چونکە گریمانەکە ئەوەیە کە جیهانێکی کۆن لەقدەبێت و مێژوویەکی «پیاوسالارانە»ـی دووروودرێژیش ئاوادەبێت. ئایا دیاردە تازەکان، ژن و پیاوی کورد تووشی زەبروزەنگی زیاتر و دوورخستنەوەی زیاتر ناکات لەیەکتر؟ ژیژەك لەم نوسینەی خوارەوەدا ئەو زەمینە خۆرئاواییە ڕەخنەدەکات کە ئەمڕۆ پەیوەندیی نێوان ژن و پیاوی تیا درووستدەبێت. لە «گشت»دا کۆمەڵگای ئێمەش بەر ئەو دیاردانە کەوتووە، بەڵام وەك «بەش» ئێمە لەناو کەلتورێکی خۆرهەڵاتیی تێکەڵوپێکەڵتردا دەژین و دەمامکەکانی جیهانگیریی مۆدێرنمان پۆشیوە. بەتایبەت ئەم نەوەیەی کە دێت، ئاگایانە بێت یان نائاگایانە، بەنێوانگریی ئەنتەرنێت لاسایی کەلتوری خۆرئاوا دەکاتەوە. بۆیە پرسیارەکە بۆ داهاتووی کۆمەڵگاکە ئەمەیە: لە بەرکەوتنی دوو کەلتوردا، پەیوەندییەکان چییان بەسەردێت؟ جگە لەوەی ژیژەك ڕەخنەی ئەو دۆخەی ئێستای خۆرئاوا دەکات کە سوبێکت بەرەو جێیەك دەبات کە «هەمووشت بکات و هەمووشت بڵێت». لێرەوە ژیژەك پێداگری لەسەر ئاوارتە(ئیستیسنا)یەك دەکاتەوە کە نابێت بگوترێت و بکرێت. واتە بۆ ئەوەی ئازادیی سێکسی و وتن و دەربڕین بڕەخسێت، پێویستە حاڵەتێکی ئاوارتە و هەڵاوێرد هەبێت کە ئەزموونەکرێت. ئەمەش لەو پێناوەدا تاکو ئەدەب و ئسوڵی پەیوەندی و قسەکردن بمێنێتەوە. خاڵە سەرنجڕاکێشەکە ئەوەیە کە مرۆڤی ئێمە خەریکە لەبەردەم زۆربوونی کەرەستەکانی پەیوەندی و کۆمۆنیکاسیۆندا، «لە پەیوەندی دەکەوێت». خەریکە لەبری دیالۆگ و تێگەیشتن، «لە زمان دەکەوێت». لەبری گەڕاندنەوەی شکۆ بۆ جەستە، «لە جەستە دەکەوێت و دەبێتە بەکارهێنێکی مەجازیی بەردەم کۆمپیوتەرەکان». لەم نوسینەدا ژیژەك دەیەوێت بشڵێت، لەپاڵ گرنگیدان بە چەوساندنەوەکانی ژندا، خەریکە چەوساندنەوەی پیاوانیش لەبیردەکرێت. پیاوانیش هەڵگری کۆژان و موعاناتی خۆیانن. هەر خەباتێکی ڕاستەقینە لە تێگەیشتنی ئەم دوو ڕەگەزەوە درووستدەبێت نەك دوورخستنەوەیان لەیەك. دەشیەوێت بڵێت، گەر وریا نەبین لە پێناسەکردنەوەی «ئازادی»دا، ئەوا توندوتیژی بەرهەمدێنینەوە.

زۆرلێکردن و چەوسانەوە، بە لای کەمەوە لە ڕۆژئاوادا، بەبەردەوامی و بەچڕی بەئاگاماندێنێتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا دەبێت ئەو ڕاستییەشمان لەبەرچاو بێت، کە بەهەمان ڕادە گرنگە، ئەوەی کە ملیۆنان کەس بەشێوەیەکی ڕۆژانەیی خەریکی چاوباشقاڵی و گەمەی لەخشتەبردنن لەپێناوی ئامانجێکی دیاریکراوی بەدەستهێنانی هاوبەشێک بەمەبەستی عاشقایەتی. لە ئەنجامی کەلتوری مۆدێرنی خۆرئاواییدا هەردوو ڕەگەزەکە چاوەڕێی ئەوەیان لێدەکرێت ڕۆڵێکی کارا لە گەمەکەدا بگێڕن. کاتێک ژنان بەشێوەیەکی ورووژێنەرانە جلدەپۆشن بۆ ئەوەی نیگای زەقی «پیاوانە» بۆ سەر خۆیان بەدەستبهێنن؛ و کاتێکیش خۆیان دەکەنە ئۆبێکتێکی پاسیڤ بۆ ئەوەی لەخشتەببرێن، ئیتر ئەمە دەرەنجامی خۆپێشکەشکردنێکی پاسیڤانە نیە: ئەوان بریکاری چالاکانەی "بەئۆبێکتکردن/بە**بابەت**کردن"ـی خۆیانن؛ بۆ جڵەوکردن و دەستی بەدەستیکردنی پیاوان؛ یاریکردن بە گەمەیەکی تەمومژاوی، هەروەها مافی تەواوەتی کشانەوەیان هەیە لە گەمەکەدا هەر کاتێک کە بیانەوێت، تەنانەت گەر لە نیگای زەقی پیاوانەدا ئەمە وەک لێکدژییەکیش دەرکەوێت لەگەڵ 'ئاماژەکان[1]'ـی پێشوودا. ڕۆڵی چالاکانەی ژن خۆی لە ئازادییەکەیاندا دەبینێتەوە، کە مایەی نیگەرانیی هەموو جۆرە ئسوڵی و فەندەمێنتاڵیکە-هەر ڕێگریکردنەکانی ئەم دواییانەی سەر ژنان لە لایەن موسڵمانانەوە کە نابێت یاری بە مۆز و ئەو میوانەی دیکەی هاوشێوەی «زەکەر» بکەن، بۆ ئەوەی شۆڤێنیزمە نێرینەییە ڕۆژانەییەکەی خۆمان بەسەر ژنێکدا خاڵیکەینەوە لەبەرئەوەی "وروووژاندوویەتی" و دواتریش داواکەی ڕەتکردووەتەوە. گوایا ئازادکردنی سێکسیی ژنان تەنها پاشەکشە نیە لە "بەئۆبێکتبوون" (وەک کاڵایەکی سێکسیی پیاوان) بەڵکو ئەو مافەیە کە ڕۆڵی چالاکانەی بگێڕێت لە خۆ-بەئۆبێکتکردندا؛ خۆ-پێشکەشکردن و پاشەکشەکردنی بە ویستی تاکەکەسییانەی خۆی. ئایا دەکرێت ئەم ڕاستییانە لە داهاتوودا بخەینەڕوو، یاخود ئایا فشاری 'نەزاکەتی سیاسی[2]' ڕاپێچماندەکات بۆ هاوشانکرنی ئەم هەموو یارییانە بە یاسای فۆرماڵی ڕاگەیەنراو (ـی ڕەزامەندبوون و هتد؟).

[1] Signals
[2] Political Correctness

ڕاستە سێکس بەناو یارییەکانی دەسەڵات و توندوتیژییە قێزەونەکان و هتددا تێدەپەڕێت، بەڵام شتە قورسەکە داننانە بەو ڕاستییەدا کە لە هەموو ئەمانەدا ناونشینە [و بەشاراوەیی جێی خۆی کردووەتەوە]. چاودێرە وردەکان توانیویانە سەرنجی ئەوە بدەن کە تاکە فۆرمی پەیوەندیی سێکسی کە لەگەڵ پێوەرەکانی نەزاکەتی سیاسییدا تەبادێتەوە،گرێبەستی نێوان کەسە سادۆماسۆشییەکانە. بۆیە سەرهەڵدانی نەزاکەتی سیاسی و سەرهەڵدانی توندوتیژی، دوو ڕووی یەک دراون: هەتاوەکو ئێستا بنچینەی سەرەکیی هەر نەزاکەتێکی سیاسی، کورتکردنەوەی پەیوەندیی سێکسی بووە تا ئاستی گرێبەستێکی هاوبەشی ڕەزامەندانە [واتە سێکس کورت و سادە کراوەتەوە بۆ ئاستی ڕازیبوونێکی جووتلایەنە کە لە ئاستە تیۆرییەکەیدا گرفتی ئەخلاقی و فیکری درووستدەکات]. "ژان کلاود میلنەر" لەسەرحەق بوو کاتێک ئاماژەی بەوەدا کە لوتکەی هەر جووڵانەوەیەکی دژەگێچەڵ[3] بەشێوەیەکی حاشاهەڵنەگر بریتییە لەو گرێبەستەی کە پێشمەرجەکانی فۆرمێکی پەڕگیرانەی سادۆماشۆییانەی سێکسە(مامەڵەکردنی کەسێک وەک سەگێکی تەوق لە مل، کۆیلەیەکی بازرگانی، ئەشکەنجەدراو، تا دەگاتە کوشتنێکی ڕەزامەندانە). لەم فۆرمانەی ڕەزامەندبوونی کۆیلایەتییدا، بازاڕی ئازادی گرێبەست خۆی نەفیدەکاتەوە: بازرگانی بە کۆیلەوە دەبێتە ئەوپەڕی جەختکردنەوە لەسەر ئازادی. وەک بڵێی تێماکەی ژاک لاکان "کانت و[4] ساد" (چێژپەرستیی دڕندانەی مارکی دیساد وەک حەقیقەتی ئەخلاقیی توندوتیژانەی کانت) بە شێوەیەکی چاوەڕواننەکراو بووبێتە ڕاستی. پێش ئەوەی ئەم تێمایە وەک ورووژاندنێکی پارادۆکسانە بخەینەلاوە، دەبێت تێڕامان بخەینەسەر ئەوەی کە چۆن ئەم پارادۆکسە لەناو خودی واقیعی کۆمەڵایەتییدا لەکاردایە.

ئامانجی ڕاگەیاندنی پێشنیارنامەی گرێبەستی سێکسی کە لە دەرەنجامی بزاڤی (MeToo#)[5]ـەوە لە هەموو شوێنێک قوتبووەوە، هەر لە ئەمریکاوە بۆ بەریتانیاو سوید، بەدڵنیاییەوە ڕوونە: دەرکردنی توخمەکانی توندوتیژی و زاڵبوون لەڕێگەی گرێبەستە سێکسییەکانەوە. بیرۆکەکە ئەوەیە پێش ئەوەی دوو هاوبەشەکە پەیوەندیی سێکسی

[3]. anti harassment

[4]. with

[5]. هاشتاگ و بزووتنەوەیەکی ئەنتەرنێتیی دژ بە گێچەڵی سێکسی و هەراسانکردنە– و

ئەنجامبدەن، دەبێت بەڵگەنامەیەک واژۆبکەن و تێیدا ڕەزامەندی دەرببڕن لەسەر چوونەناو پەیوەندیی سێکسییەوە؛ هەروەها هەلومەرج و سنوربەندیی چالاکییەکانیشیان (بەکارهێنانی کۆندۆم، و زمانی پیس، و مافی پارێزراوی هەرکەسێکیان لە کشانەوە و پچڕاندنی پەیوەندییەکە لە هەرکاتێکدا بێت، ئاگادارکردنەوەی یەکتر لە تەندرووستییان (AIDS) و بیروباوەڕی ئاینییان). سەرەڕای باشییەکەی بەڵام ڕاستەوخۆ کۆمەڵێک کێشە و تەمومژ سەرهەڵدەدات.

مافی هەمیشەیی کشانەوە لە پەیوەندیی سێکسی دەرگا بەڕووی شێوازێکی نوێی توندوتیژییدا دەکاتەوە. چی دەبێت گەر ژنەکە، پاش بینینی پیاوەکە بەڕووتی و بە «زەکەرێکی ڕەپ»ـەوە، دەستیکرد بە گاڵتەپێکردنی و پێی وت دەڕۆم؟ ئەی چی دەبێت گەر پیاوەکەش هەمان شت بکات بەرامبەری؟ ئایا دەکرێت وێنای ڕەوشێکی لەمە شەرمەزارانەتر بکرێت؟ بەڕوونی، دۆزینەوەی چارەسەرێکی گونجاو بۆ ئەم مەنگی و وەستانە تەنها لەڕێی هەڵسوکەوت و هەستیاربوونەوە، کە خۆی لە خۆی دا ناتوانرێت بە یاسایی بکرێت. گەر بخوازرێت بە زیادکردنی بڕگەیەک بۆ گرێبەستەکە ڕێگری لە توندوتیژی و دڕندەیی بکرێت، ئەوا تایبەتمەندیی سەرەکیی پەیوەندیی سێکسی لەدەستدەدرێت کە بەتەواوەتی هاوسەنگییەکی ناسکە لە نێوان «ئەوەی دەوترێت» و «ئەوەی ناوترێت».

سەرەڕای ئەوەی حەز بە زنجیرە فیلمی *سێکس و شار* (Sex and the City) ناکەم، بەڵام خاڵێکی سەرنجڕاکێش لە یەکێک لە ئەڵقەکانیدا هەیە، کاتێک میرەندا لەگەڵ کوڕێکدا پەیوەندی دەبەستێت کە حەزی بەکارهێنانی زمانێکی نەشیاوە لەکاتی سێکسکردندا. هەرچەندە لە کاتی پەیوەندییەکەدا حەزی لە بێدەنگییە، بەڵام کوڕەکە داوای لێدەکات کە هەر شتێکی ناشیرین بێت بە خەیاڵیدا بەبێ هیچ سڵەمینەوەیەک بیڵێت. لەگەڵ ئەوەی لەسەرەتاوە ڕەتیدەکاتەوە بەڵام دواتر دەکەوێتە ناو یارییەکەوە و هەموو شتێکیش باش بەڕێوەدەچێت: پەیوەندییە سیکسییەکەیان تامەزرۆیانە و بەهەستوسۆزە، هەتاوەکو جارێک کچەکە شتێک دەڵێت کە بەڕاستی خۆشەویستەکەی بێزاردەکات و بەتەواوەتی دەیکێشێتەوە بۆ ناوەوەی خۆی، دەبێتەهۆی ئەوەی پەیوەندییەکە بپچڕێنێت. لە گەرمەی چەنەدانەکانیدا، باس لەوە دەکات کە

سەرنجی ئەوەی داوە چۆن چێژ لەوە دەبینێت کاتێک پەیوەندی سێکسی ئەنجامدەدەن بە پەنجەی فشار بخاتە سەر سمتی. بێئاگایانە بەر ئاوارتە(ئیستیسنا)کە دەکەوێت: ڕاستە قسە لەسەر هەرچییەک بکە کە دەتەوێت و هەرچی وێنای ناشیرینە بە مێشکت دا دێت بیڵێ، بەڵام **بێجگە** لەوە [«**بێجگە** لەوە»: واتە هەمیشە ئاوارتەیەک و شازێک پێویستە بۆ ئەوەی بە «نەوتراوی» بهێڵرێتەوە. لەکاتێکدا کە ئەم ئەخلاقیاتە باڵادەستەی ئەمڕۆ، وات لێدەکات هەموو شتێک بڵێیت]. ئەو وانەیەی لەم ڕووداوەوە فێری دەبین گرنگە: تەنانەت «گشتێتی»ـی قسەکردنی ئازادانەش، لەسەر بنەمای هەندێک ئاوارتە ڕۆنراوە، نەک لەسەر بنەمای بێڕەحمییەکی زیادەڕۆیانە [بە دەربڕینێکی تر، بۆ ئەوەی شتێک بڵێیت، ئەوا پێویستە شتێکی ترت نەوتبێت. ئازادیی دەربڕین لەسەر دەرنەبڕینی شتانێکی تر بەندن کە دەرنەبڕینەکەیان سود بە مرۆڤایەتی و پانتایی کۆمەڵایەتیی مرۆڤەکان دەبەخشێت. کاتێک هەمووشت قابیلی وتن بوو، ئەوە بزانە زەبروزەنگێکی ترسناک بە کۆمەڵگادا بڵاودەبێتەوە]. وردەکارییە قەدەغەکراوەکە لەخۆیدا شتێکی لاوەکی و بێگوناهانەیە و دەتوانین تەنها مەزەندەی ئەوە بکەین بۆچی کوڕەکە وا پێی هەستیارە. لە هەموو ئەگەرەکاندا، ئەو ئەزموونە ناچالاکانەی کە تێوەی گلاوە (کردنی پەنجە بە کۆمیدا) شوناسە نێرینەییەکەی ئەوی شێواندووە. پەیوەندیی سێکسی پڕە لەم جۆرە ئاوارتانە، کە تێگەیشتنێکی بێدەنگانە و کارزانانە تاکە ڕێگا دەخاتەڕوو بۆ بەردەوامبوون، ئەویش کاتێک دوای کردنی شتێک بکرێت کە ڕاستەخۆ دەرنەبڕدرێت؛ کاتێک زێدەڕۆیی دڕندانەی هەستەکان دەتوانرێت لە شێوەی ئەدەب و ڕێزدا ڕێکبخرێت؛ کاتێک کە توندوتیژییەکی مامناوەند دەتوانێت خۆی سێکساوی بکات[و لەژێر کەوڵی سێکسدا خۆی دەرخات].

با بێینە سەر دواییینیان، کە بە مانای کەمبایەختترینیان نایەت: ئایا دەبێت ئەم جۆرە گرێبەستانە لە ڕووی یاساوە ناچاری بن یان نا؟ گەر وا نەبێت چی دەبێتە هۆی ڕێگری لە پیاوێکی دڕندە کە هەر واژۆی بکات و دواتریش پێشێلی بکات؟ گەر وەڵامەکە بەڵێ بێت، ئایا دەکرێت وێنای ئەو مۆتەکەیە بکرێت کە پێشێلکردنەکەی لەوانەیە بیخولقێنێت؟ ئەمە بەو واتایە نایەت وەک ئەو نامە فەڕەنسییەی لەلایەن کاترین دێنێڤە واژۆکراوە لێکبدرێتەوە، کە تێیدا ڕەخنە

لە "زیادەڕۆیی"ـی "پاکیزەگەرایی"ـی MeToo#ـەکان دەگرێت و بەرگری لە فۆرمە نەریتییەکانی جوامێری و لەخشتەبردن دەکات. کێشەکە ئەوە نیە کە MeToo#ـەکان زیادەڕەوی دەکەن، یان هەندێجار لەخۆڕا بیانوو بە دەنگە ناهاوڕا و ناکۆکەکان دەگرن، یاخود تێگەیشتنێکی میانڕەوانەتر پێویستە، بەڵکو ئەو ڕێگەچارەیەی کە لایەنگرانی MeToo# دەیگرنەبەر بریتییە لە خودی کێشەکە. نادیدەگرتنی ئاڵۆزیی پەیوەندییە سێکسییەکان نەک هەر هێڵی جیاکەرەوەی نێوان لادانی شەهوەتپەرستانە و توندوتیژیی تاوانکارانە تەمومژاویدەکات بەڵکو دەمامکێک دەکاتە سەر چەندان شێوازی توندوتیژیی زیادەڕۆیانەی دەروونی تاکو وەک ئەدەب و ڕێز دەربکەوێت.

لە وەڵامگۆی جیاوازیی نێوان ڤەینشتەین و لویس س.ک.( Weinstein and Louis CK) دا چالاکوانەکانی MeToo# ئەوە ڕادەگەیەنن ئەوانەی وا دەڵێن هیچ نازانن لەسەر چۆنیەتیی ئەزموونکردن و کارکردنی توندوتیژی نێرینە، هەروەها ئەوەی کە دەستپەڕلێدان لە پێش ژناندا دەتوانرێت وەک خۆسەپاندێیکی جەستەیی کە کەمتر توندوتیژ نیە ئەزموونبکرێت . هەرچەندە چرکەساتێکی ڕاستی لەم قسانەدا هەیە، بەڵام دەبێت سنورێکی دیاریکراو بۆ ئەو لۆژیکە دابنرێت کە ئەم ئەرگومێنتانە گەشەپێدەدات: ئەوەی کە کەسێک هەستی پێدەکات ناتوانرێت کۆتا پێوەری حەقیقەت بێت لەبەر ئەوەی هەستەکان هەمیشە ڕاستی ناڵێن. ڕەتکردنەوەی ئەم شتە بە واتای ڕەتکردنەوەی نەستی فرۆیدییە. ژنێک لە سەردەستییەکی پیاوسالاری ڕاستەقینەی چارەنوسسازدا تەنانەت ناتوانێت ڕۆڵەکەی ئەزموونبکات و ڕۆڵی قوربانییەکی سوکایەتیپێکراو و چەوساوەیەک ببینێت؛ تەنها ملکەچییەکەی قبوڵدەکات، ئەویش وەک بەشێک لە نەزمی شتەکان.

دەبێت ئەوەمان لەبیربێت باڵادەستیی پیاوسالارانە هەردوو جەمسەرەکە گەندەڵدەکات، قوربانییەکانی دەگرێتەوە، یاخود گەر وتەکەی ئارسەر کۆیستلەر بێنینەوە: «گەر دەسەڵات فاسدی بکات، پێچەوانەکەشی هەر ڕاستە؛ زۆرداری، کەسی قوربانی گەندەڵدەکات هەرچەندە لەوانەیە بە شێوەیەکی تەمومژاوی و تراژیدیتر بێت». سەرەنجام دەبێت قسەش لەسەر چەوساندنەوە و دڵڕەقییە سۆزدارییەکانی مێیینەش بکرێت. ژنان، لە کاردانەوەیەکی کلۆڵانەی باڵادەستیی پیاودا، بە هەرشێوەیەک کە بتوانن،

بەرگری دەکەن. دەبێت ئەوەش لەبەرچاوبگیرێت لە زۆربەی بەشەکانی کۆمەڵگاکەماندا نەریتە پیاوسالارەکان تا ڕادەیەکی زۆر لاوازبووە، و پیاوان لەژێر فشارێکی کەمتردا نین؛ بۆیە ستراتیژی گونجاو دەبێت مەراقەکانی پیاوانیش بخاتەڕوو و تێبکۆشێت بۆ گەیشتنە ڕێکەوتنێک لە نێوان خەباتی ڕزگاریی ژنان و مەراقەکانی پیاواندا. توندوتیژیی نێرینە بەرامبەر ژنان بە ڕادەیەکی زۆر کاردانەوەیەکی تۆقیوانەیە کە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ڕاستییەی کە دەسەڵاتە نەریتییەکەی پیاوان لاوازبووە؛ بە شێکی خەباتی ڕزگاری دەبێت پیشانی پیاوان بدات چۆن قبووڵکردنی ژنانی خەباتگێڕ دەبێتە هۆی لەکۆڵبوونەوەی ڕاڕاییەکانیان و توانای ئاراستەکردنی ژیانێکی دڵخوازیان پێدەبەخشێت.

کێشەی سەرەکیی گرێبەستی سێکسی بەتەنیا فۆرمە یاساییەکەی نیە بەڵکو دەمارگیرییە شاراوەکەیەتی: گرێبەستێک بەڕوونی ئیمتیاز و تایبەتمەندێتی دەدات بە سێکسی هەڕەمەکییانە کە تێیدا هاوبەشەکان یەکتری ناناسن و دەیانەوێت تووشی هەڵەتێگەیشتنیش نەبن لە پێکەوەبوونە *یەکشەوەیی*ەکەیاندا. هەروەها دەبێت سەرنج بخرێتەسەر پەیوەندییە درێژخایەنەکان کە بە شێوەیەکی شاراوە ڕێگە بە شێوازەکانی توندوتیژی و زاڵبوون دەدرێت، وەک لە نمایشی ڤەینشتەین‌ئاسای سێکسیی زۆرەملێدا دەبینرێت [ڤەینشتاین ئەو ئامادەکارە پیاوەی هۆڵیودە کە لەلایەن دەیان ژنەوە سکاڵای یاسایی لەسەر تۆمارکراوە گوایا دەستدرێژیی سێکسی و زەبروزەنگی سێکسییان لەلایەن ئەوەوە کراوەتەسەر].

لەکۆتاییدا هیچ یاسا و گرێبەستێک لێرەدا یارمەتیدەر نیە- تەنها شۆڕش و وەرچەرخانێک نەبێت لە دابونەریتەکاندا. بەڵام بۆچی قسە لەسەر ئەدەب و هەڵسوکەوت دەکەین لەمڕۆدا لەکاتێکدا ئەوەی ڕووبەڕووی بووینەتەوە وا دەردەکەوێت کە زیاتر و زیاتری داپۆشینی کێشە "ڕاستەقینەکان" بێت؟ لەم کارەدا پاشەکشەناکەین بۆ ئاستی قسە نەستەقەکە بەناوبانگەکەکانی دی کوینسی (de Quincey) لەبارەی هونەری سادەی کوشتنەوە: «چەند کەس بە خستنەوەی ترس و تۆقین و کارەساتی ئابوری دەستیانپێکرد و کۆتاییەکەیان خراپ مامەڵەکردن بووە لە ئاهەنگێکدا؟»، بەڵام هەڵسوکەوت زۆر جێگەی

بایەخە. لەم دۆخە دژوارانەدا مەسەلەی مان و نەمانە، ئەو هێڵە باریکەیە کە بەربەریزم لە شارستانیەت جیادەکاتەوە.

حاڵەتێکی سەرنجڕاکێش تەشەنەکردنی ئەم دواییانەی زمانێکی هەمەکیی خەڵکە کە جێی تێڕامانە. لە ساڵانی ١٩٦٠کان دا زمانی هەمەکی و عەوامانە جاروبار پەیوەستبوو بە چەپی سیاسییەوە: خوێندکارە شۆڕشگێڕەکان زۆربەی کات زمانێکی گشتییان بەکاردەهێنا بۆ خۆجیاکردنەوەیان لە سیاسەتی فەرمی و زمانە تەکنیکییە ڕەونەقپێدراوەکەیان. ئەمڕۆ زمانی عەوامانە بووەتە خەسڵەتێکی جیاکەرەوەی ڕاستڕەوی ڕادیکاڵ؛ بەشێوەیەک کە چەپ خۆی لە پێگەیەکی سەرنجڕاکێشی بەرگری لە ئاداب و هەڵسوکەوتە گشتییەکاندا دەبینێتەوە. ئەدەب (ڕەفتار و جوامێری) زیاتر گوێڕایەڵیکردنی ڕێسا دەرەکییەکانە وەک لەوەی ڕەفتارێکی ئەخلاقیی پەتی بێت. پانتاییەکی ناتەواوی تەمومژاویی کەسانێکە کە ناچارنابن بەتوندی ملکەچی بن (گەر کەسێک وا نەکات، ئەوا هیچ یاسایەکی نەشکاندووە)، بەڵام لە هەرکەسێک چاوەڕێدەکرێت بیکات. ئێمە دەستوپەنجە لەگەڵ ڕێسا نەوتراوە شاراوەکان و پرسی نەزاکەت/ئەمەکبێژی و شتێکدا نەرمدەکەین کە سوبێکت کۆمەڵێک ڕێسای پەیوەندیی نا-ڕەنگدەرەوە[6](نا-ڕوولەخۆ)ی هەیە، شتێک کە بەشێکە لە هەستیارییە خۆڕسکەکەمان و تەونێکی ئەستووری دابونەریت و چاوەڕوانییەکانە کە چنراوی ناو جەوهەری میراتیی دابونەریتەکانە. لەوێدا بنبەستی نەزاکەتێکی سیاسیی خۆوێرانکەر جێی خۆی خۆشکردووە: هەوڵدەدات بەڕاشکاوی پرسی هەڵسوکەوت فۆرمولەبکات، و تەنانەت بەیاسایی بکات [و ڕەوایەتییشی پێبدات].

سەرچاوە:

SEX, CONTRACTS, AND MANNERS, SLAVOJ ŽIŽEK: thephilosophicalsalon.com

[6] Non-reflective